www.kurdistannet.org
25-8-2006 13:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئیسرائیل، ئەو دەوڵەتەی دژی یاساکانی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی (یوئێنە) : ـە ... سەڵحەدی بابەکر

ئەوەی ئەمڕۆ ئیسرائیل لە فەلەستین و لوبنان ئەنجامی دەدات پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و دوورە لە گشت بەها و خوورەوشتە مرۆییەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی هێزی سەربازییە و بەهێزترین وڵاتی دنیاش "ئەمریکا" پشتیوانی و هاوکاریی دەکات، کارەکەی لەبەر دەڕوات و کەسیش ناوێرێ لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ!

ئیسرائیل لە فەلەستین بە بێ گوێدانە هیچ عورفێکی دیپلۆماسی هەڵدەستێ بە گرتن و ئیختیتافکردنی سەرۆکی پەرلەمانی فەلەستینی و جێگری سەرۆک وەزیران و دەیان ئەندام پەرلەمان و وەزیری تر، کە هەموو ئەوانە لە بەرەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد و لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە و لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دانیان پێدا نراوە و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی پۆلیسی بە بێ گوێدانە هیچ شتێک لە نیوە شەودا و لە ماڵەکانی خۆیان ئەو بەرپرسانەی دەسەڵاتداریەتیی فەلەستینی ئیختیتاف دەکات و راپێچی زیندانیان دەکات، لە کاتێکدا هەریەک لەو بەرپرسە فەلەستینییانە بە حوکمی پۆستەکانیان (صیانە) ی دیبلۆماسییان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، دوای دەرچوونی بڕیاری "1701"ی نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕی نێوان حیزبوڵڵا و ئیسرائیل وەستاوە، کەچی ئیسرائیل بە بێ گوێدانە ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێ بە بۆردومانکردنی لوبنان و کردەی سەربازی، ئەمەش بە ئاشکرا شکاندنی بڕیاری "1701" ە، کەچی نەتەوە یەکگرتووەکان نقەی لێوە نایەت!

هەموو ئەمانە چەند نمونەیەکی بچووکن لە مامەڵەی ئیسرائیل لەگەڵ عورف و یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەگەر سەیری مێژوو بکەیت بە دەیان نمونەی ترت لەو بابەتە دەست دەکەوێ کە بە ئاشکرا دەیسەلمێنێت کە ئیسرائیل لە هەموو وڵاتانی دیکەی دنیا زیاتر پێشێلکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

بەڵام پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئیسرائیل تا کەی ئەو عەنتەریاتەی بۆ دەچێتە سەر؟!

ئایا ئەو سی و سێ رۆژەی ئەو شەڕەی دوای ئیسرائیل و حیزبوڵڵا نەیسەلماند کە ئیسرائیل ئەو هێزە نییە کە نەشکێنرێت؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حکوماتی عەرەبی و ئیسلامی پێداچوونەوەی سەرلەنوێی مەلەفی کێشەی ئیسرائیل بکەنەوە؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی پۆلیسی ـ کە مومارەسەی ئیرهابی دەوڵەت دەکات ـ بناسێنرێت؟